ڕۆژنامەی کوردستان یەکەم وەرچەرخان لە مێژووی کورد.. موتەلیب سەعید عومەر

لەدواهەمین دەیەی سەدەیەی نۆزدەیەم لە قۆناغێکی ناهەمواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی دژینەوەی میکانیزمێک بۆ هوشیارکردنی تاکی کورد بیرکردنەوەیە لە دەرچوونی ڕۆژنامەیەک ، دوای شکستی شۆشی بەدرخانیەکان نوخبەی خوێندەواری ئەو بنەماڵەیە بیریان لەمیکانیزمێک کردەوە کە باشترین کاریگەرترین ئامراز بۆ بە کتاییهێنان بەستەمکاری و سەرکوتکردن ، هەردوو ڕۆژنامەوان میقداد مەدحەد بەدرخان وعەبدولڕەحمان لە و بارودۆخە دژواردا لە دەربەدەری و نەهامەتیدا بەمەبەستی کەمکردنەوەی ئەو ستەمکارییەی بەدرێژایی مێژوو ڕەگری لەبوونی کوردو قەوارەکەی کردووە لەکاتێکدا دەوڵەتی عوسمانی یەکێک بووە لەدەوڵەتە کۆنەپارێزەکانی جیهان سیاسەتی کۆمەڵکوژی وسڕینەوەی پاکتاوی مرۆیی پەیرەو کردووە بەیە دەرکردنی ڕۆژنامەو بڵاوکردنەوەی هوشیاری سیاسی و نەتەوەیی لەژێر کۆنفی دەوڵەتی عوسمانی کارێکی یەکجار سەخت بووە بۆ کارێکی مەترسیدار دانراوە ، لەبەرئەوە دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان پێش هەموشتێک ئامانجێکی سیاسی ، فیکری، هوشیاری لەپشتەوە بووە لە ئادەربڕین و گەیاندنی پەیامی ڕۆژنامەکە بڵاوبوونەوەی بە زمانی کوردی بۆ خوێنەری کورد ، لەمەوە دەرچوونی یەکەم ژمارەی کوردستان لە 22 نیسانی ساڵی 1898 بەیەکەم وەرچەرخان دادنرێت لەمێژووی ڕۆژنامەوانی کوردی ئەگەرچی خوێنەرو خوێندەواری کورد بەڕۆژیەکی کەم ولەئاستێکی لاوازدا بووە بەڵام ڕۆژنامەی کوردستان دەتوانین بەیەکەم وەستگەی بڵاوکراوە دابنێین لە زمانی گفتوگۆ وە بە زمانی ئاگەیاندن .

ڕۆژنامەی زمان لەڕۆژنامەی کوردستان

زمان ئامرازێکی گرنگە بۆناساندن وگەیاندنی کەشەی نەتەوەیێک بەوڵاتانی دەوروبەر و دونیا لەهەلومەرجێکدا شکست دەهێنێت بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی کوردی لەسەرەتادایە لەبەرامبەر هێزی داگیرکەری دەوڵەتی عوسمانی ، ئەگەر سەرنج بدەین پێش دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان زمانی کوردی زمانی هەست وسۆز و زمانی شیعر بووە ، پێش ئەو قۆناغە مێژووی کوردی ژمارەیێکی دەوڵەمەندی هەیە لەئەدەبی میللی سەر زارەکی تا دەگاتە بەیت وداستان و چیرۆک ،

کۆئەدەبی فۆلکلۆر بوون بە شاکارێ بە ناو بانگەکەی (مەم وزین) ی ئەحمەدی خانی و مەلای جزیری دەست پێدەکات لەو سەردەمانەوە ئەدەبی کوردی بەزمانی پەخشان دەتە ناو زمانی کوردیی یەوە بەڵام بەدەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان زمانی ڕاگەیاندن گۆڕانکارییەکی نوێ دەخاتە ناو زمانی نووسین ، زمانی ئەدەبی لە تەنیا بوارێکدا نامێنێتەوە بەڵکو زیاتر لەئامرازێک کۆئامرازی میدیایی دەبێتە زمانی بڵاوکراوە و نووسین .

کاریگەری ڕۆژنامەی کوردستان بەدونیای دەرەوە

ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ ئەوەی خەمێکی ڕۆشنبیری و سیاسی بووە لەهەمانکاتدا خەمێکی قوڵی کۆمەڵایەتی بووە لەنێو لاپەڕەکانی (کوردستان) گرفتەکانی ناو کۆمەڵی کوردی خستەتە ڕوو وەڵامی ئەوەی خەمێکی گەورەتری هەبووە لەناساندنی دەزی ڕەوای گەلی کورد بەدونیای دەرەوە بەنیشاندان و ڕەگا چارەی ئەو کێشانە و بارودۆخە سەختەی کورد تێیدا گرفتار بووە ، سەرباری ئەوە دوونانی ڕۆژنامەوانان بەدرخانییەکان بە فشارخستنە سەریان ناچارکردن و ڕەگەز گرتن لە داخستنی ڕۆژنامەکە بەڵام بەردەوام بوونی ڕۆژنامەی کوردستان تا ژمارە 31 ، سەرباری ئەستەنگەکان پەیامێکی ڕوون وکاریگەرییەکی زۆری لەسەر سیاسەتی دەوڵەتی عوسمانی کردووە ئەگەرچی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە بەشێوەی پچڕ پچڕ وهەر ژمارەی لەوەتێک چاپ کراوە .

جیاوازییەکانی ڕۆژنامەی کوردستان لەگەڵ ئێستا

گومانی تیانیە ڕەوشی ڕۆژنامەوانی لەسەردەمی بەدرخانییەکان بەبەراوورد بەئێستا یەکجار جیاوازە ، سەردەمی بەدرخانییەکان و دەرچوونی ڕۆژنامەی کوردستان بە قۆناغێکی سەختی سیاسی و ئابووری ،نەتەوەیی ، کۆمەڵایەتی دا ڕەیشتووە پڕ لەکێشە بووە ، بەڵام ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لەئێستادا لەهەلومەرجێکی لەبارو زۆرترین ئامرازو تەکنیکی پێشکەوتوودایە لەئێستادا تاکی کورد بەئاسانی و لەکەمترین ماوەدا بە سانسەر دەتوانێت هەواڵ و گوتارو بابەت وچالاکی جیاواز بەاو بکاتەوە ئەگەرچی ڕەوشی ڕۆژنامەنووسی لەئێستادا خاڵی نیە لەکێشەو ئەستەنگ بەڵام دەستبەر بوونی دیان کەناڵ و ڕۆژنامەی ئەلەکترۆنی و ماڵپەڕ و تیڤی ، ئەکاونتی کەسی کارئاسانی زۆری فەراهەمکردووە بە گەیاندنی زانیاری بەهەموو شوێنێک .

موتەلیب سەعید عومەر